## باكورى كوردستان

**كازۆ (Kazo)**




**کازۆ دورسن حەمید – وان 1950.**

**لە گۆرانیبێژە ناودارەکانی ناوچەی عەبدالی زەینێ یە، لە ئاوازە ریتم سەربەستەکانی :**

**1– لاوکی عەبداڵ (دلێ وایێ)**

**نۆتەکەی:**

**Lawki ( Abdal )**
**Dlê waî**



**سکێڵەکەی:**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ . ڕێ ، می )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقای دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( دۆ ڕاست )) ە . کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بلّند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**کازۆ لەسەر باسکردنی لاوکی عەبدال بەردەوام بوو وتی: لاوکی عەبدال باس لە کوێربونی هەردو چاوی عەبداڵ خۆی دەکا بۆ قولّنگی هاوەلّی کە قولّنگەکەش باڵی بەهۆی تیری نێچیرڤانێکەوە لە کار کەوتوەو ناتوانێ بفڕێ ، بۆیە عەبداڵ ئەو لاوکەی وتووە.**

2- لاوکی عەبدال 2

نۆتەکەی:

# Lawki Abdal 2





سکێڵەکەی:

لەم پارچە ئاوازەدا بەتەواوی دەرئەکەوێ کە،لەئاوازی کوردیدا،بەهۆی گۆڕانکاری لەنێوان پەیژە مۆسیقاییەکاندا، بوونەتەهۆی جوانکاری لە ئاوازەکاندا، هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییە کە لەم ئاوازەدا ڕوی داوە تەنها گۆڕانکارییەکی سادەو لاوەکییە، نابێتە هوێ گۆڕانکاری لە پەیژەسەرەکی ئاوازەکە، بەڵام هەر جێی دڵخۆشییە کەگۆڕانکاری گەر لاوەکیش بێت لە پەیژەیی ئاوازەکاندابەدی ئەکرێت، پلە دەنگیەکانی ئەم ئاوازە بریتیین لە (لا، سی کاربیمۆڵ و هەندێ جار سی بیمۆڵ، دۆ، ڕێ می کار بیمۆڵ و هەندێ جار می سروشتی و هەندێ جار می بیمۆڵ، فا و هەندێ جار فا کار دێز هەندێ جار فا کار دێز، سۆڵ،لا، سی بیمۆڵ و هەندێ جار سی سروشتی). بەپێی ئەم پلە دەنگیانە پەیژە مۆسیقاکەی بریتییە لە پەیژە درووستکراوی سەر پلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (دۆ ڕاست) کە پەیژەی (لا بەیات)ی پێ ئەڵێین، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری لە پلە دەنگیەکانی، بەتایبەتی پلەدەنگیەکانی چوارینەی دووەمی چەند جۆرێکی پەیژەی بەیاتی لە خۆ گرتووە لەوانە: پەیژەی بەیاتی نەوا ، بەیاتی موحەییەر، بەیاتی عەجەم ،بەوجۆرەی لە نموونەی سکێڵەکەیدا ئەیبینین.

## نموونەیسکێڵەکەی:




**سەڵاح ڕەوف**

www.salahraouf.com

